# هەمووتان شوانن

نەجات ئەسپێندارەیی

بەخوا درۆتان لەگەڵ ناکەم
شوانم دیوە کەوڵی گورگی لەبەردا بوو
وەکو مرۆڤ پێدەکەنی
وەک درِندەش دەمی لەنێو زامم نابوو

❊ ❊ ❊

شوانم دیوە لەجیاتی نان
هەگبەی پر لە تەقەمەنی و نارنجۆک بوو
بە چرپە لەگەڵ شین دەدوا
لەگەڵ کۆرپەکانیشی هەردەم ناکۆک بوو

❊ ❊ ❊

من خەونێکی ئێجگار خۆشم
لەبن سێبەری ئەسپەکەم لێ بەجێما
ئێستاش کە دەچمەوە زێدم
حیلەی ئەسپێک دەزرینگێتەوە لەگوێما

❊ ❊ ❊

ئەو ئەسپە ئەسپی باوکم بوو
زۆر لەمێژە کەوتۆتە دەستی بێگانە
بەو دروشمە دەیناسمەوە
کە لەسەر نێوچەوانی بۆتە نیشانە

❊ ❊ ❊

لەم ژووورە بێ پەنجەرەدا
چاو دەگێڕم مۆمێک نییە دایگیرسێنم
دنیا جمەی دێ لە گورگ
لە چوار لاوە دەمیان خستۆتە ناو خوێنم

❊ ❊ ❊

مۆمێک نییە دایگیرسێنم و
تەمی سەر نیگاکانم بڕەوێنمەوە
ترسی گورگ لەناخمایە و
ئازارەکەی دەچۆڕێتە ناو خوێنمەوە

❊ ❊ ❊

لەنێو دارستانی ژینا
گورگ هەر بە لووڕە لوور بێزاری کردم
بەڵام شوانی درِندە هات
پارووی دەمی کۆرپە ساواکەشی بردم

❊ ❊ ❊

من پرۆڤەی شمشێر دەکەم
کۆرپەکەشم داوای نان و سەوزە دەکا
سروشت بۆنی خوێنی لێ دێ
چی بکەم گەر نەمامی هیوام چرۆ نەکا

❊ ❊ ❊

لەبەر لووڕەلووری گورگان
پەڕەسێلکەش لە گوێسەبانە تۆراون
کونجی ماڵە تاریکەکان
وەکو جەنگەڵ تینووی ماچێکی هەتاون

❊ ❊ ❊

لە کەناری وشکی ژینا
بەدوای تریفەدا وێڵم سااڵەهایە
کەمێ ڕوناکی شک نابەم
ئەستێرەم لەنێو زیندانی هەوردایە

❊ ❊ ❊

بە جیلوەی خۆر دڵخۆش مەبن
هێشتا شەوەزەنگی زۆرمان لەپێش ماوە
لەسایەی شوانی خەوالوو
گورگی تریش بۆ و مێگەلە دانووساوە

❊ ❊ ❊

دەعبا و درِندەم زۆر دیون
بەڵام هیچیان ناگەنە گورگی لای خۆمان
شەوان کەڵبە دەوەشێنن
کە ڕۆژیش هات شین و ڕۆڕۆ دەکەن بۆمان

❊ ❊ ❊

ڕۆحی شوان و ڕۆحی گورگ
لەنێو یەک قەپێلک سەریان دەرهێناوە
هەردووکیان لە یەک نەسەبن
ئەوەی تێیاندا جیاواز بێ تەنها ناوە

❊ ❊ ❊

شوانێک وا شمشاڵ دەژەنێ
بەڵام ئاوازەکەی وەک نەی بەجۆش نییە
کۆڕی سەما گەرم ناکا
چونکە کەس ئەو لووڕە لووڕەی پێ خۆش نییە

❊ ❊ ❊

شوانێک وا شمشاڵ دەژەنێ
هەرماسەکان بەو ژەنینە سەما دەکەن
عەقڵیان دەکەوێتە خوار
دوورن لە سۆزی عەشق بۆیە وادەکەن

❊ ❊ ❊

شوانێک وا شمشاڵ دەژەنێ
بەڵام کەس گوێ بۆ ئاوازەکەی شل ناکا
ناتوانێ بەرەو پێش بڕوات
دەبێ بەدوای کاڵاوی بابردوو ڕاکا

❊ ❊ ❊

# لە بەرتانیا و هۆڵەندا و سوید، سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو بە ناوەندە فەرمیەکان دەگەیەنرێت..

ووڵاتی هۆڵەندا گەیاند، هەروەها لای خۆیانەوە (ئاسۆس هەردی) بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوینەو ڕۆنامەنوسانی هاوڕێی، لە چوارچێوەی چەن کۆڕو دیدارێکدا لە ووڵاتی بەریتانیا، باسی پێشێلکردنی ئازادیەکان و سوتانی بارەگاکانی یەکگرتوو و دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنوسانیان روون کردەوە..

لە سەردانی وەفدی پەرلەمانی کوردستاندا بۆ ووڵاتی سوید، خاتوو (بەیان ئەحمەد) ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو بە بەڵگەوە سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووی لە دەڤەری بادینان بە پەرلەمان و ناوەندە فەرمیەکانی ئەو ووڵاتە گەیاند، لەلایەکی ترەوە بە خۆپیشاندانی ڕەوەندی کوردی لە هۆڵەندا کارەساتی بادینان بە سەرۆک وەزیران و ناوەندە فەرمیەکانی


یەکگرتوو

ژمارە (٨٦٩)
دوو شەممە ٢٠١١/١٢/١٩ ز
ساڵی حەڤدەهەم

www.yakgrtu.org
Yakgrtu١٩٩٤@yahoo.com
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٣١٧٥٢ * ٠٦٦٢٥٦٢٤٤

www.yakgrtu.org

ناونیشانی ڕۆژنامەی یەکگرتوو: هەولێر : گەڕەکی تیراوە – بەرامبەر گەراجی باکوور تەنیشت مەڵبەندی – دووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان


قسەیەکی تر

## ڕۆژنامەنووسە تاوانبارەکانی یەکگرتوو


محەمەد ڕەئوف


ئەو کات دەرک بەوە دەکەیت کە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان هێدی هێدی مۆرکی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان وەردەگرن، کە سەرەڕای ئەوەی ئیهانەت دەکات و دەتسوتێنێ دەشتکا بە تاوانبار، ڕەنگە هیچ سیناریۆیەک هێندەی سیناریۆی ڕووداوەکانی بادینان ڕوون نەبێت، کە دەسەڵاتی حیزبی لە پێناو بەرگریکردن لەبەرژەوەندیەکانی، چۆن دەیەوێت لەبەرامبەر لێدانی هێزێک یاری بە ئەزمونێک بکات، مەترسیەکە تەنها لەوەدا نیە کە ئەم هێزە لە پێناو مانەوەی خۆیدا دەتکوژێت و دونیا دەسوتێنێ، بەڵکو ئامادەیە کۆی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بخاتە قوربانی بەرژەوەندیەکانی.
هیچ گومانی تێدا نیە ئەوەی لە بادینان ڕوویدا سیناریۆیەکی حیزبی دەسەڵاتداری ناوچەکە بوو بە هەر مەبەستێک بووبێت گرنگ نیە، بەڵکو کاردانەوەکانی ئەو پارتە لەبەرامبەر ئەو ڕووداوەدا دەمانخاتە بەردەم ئەو ئەگەرەی کە ئەم هێزە هەمان مۆدێلی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە دووبارە دەکاتەوە، دەشتکوژێت و تاونباریشت دەکات، من تێناگەم ڕووداوێک یاخود پشێویەک ڕوودەدات بژچی پەلاماری بارەگا دەدرێت، سوتانی بارەگاش بەهەرحاڵ دەوترێت پێشتریش سیناریۆی لەو جۆرە هەبووە لەو ناوچەیەدا، بەڵام لە ناو ئەو هەموو گرتە ڤیدیۆی و وێنانەدا کە بەئاشکرا ئەنجامدەرانی ئەو ڕووداوە دەبینرێت، بژچی ڕۆژنامەنووسان دەستگیر دەکرێن، لە کاتێکدا بارەگای تەلەفزیۆن و ڕادیۆ دەسوتێنی سەرەڕای ئەوەش ڕۆژنامەنوسانی دەستگیر دەکەیت، ئەمە چ مەنتیقێکە برادەرینە، ئەمە چ یاسایەکە لەبەرامبەر ئەو هەموو بەڵگەیەدا یەک کەس دەستگیر نەکرێت، تەنانەت ئەو مەلایەش کە بە ئاشکرا لە ناو ئوتۆمبێلی پۆلیسدا وتار دەدات بانگ نەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە هیچی تر، ئەگەر سوتانی بارەگاو دووکانی مەیفرۆشان جارێک سوکایەتی بێت بە دامودەزگاکانی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی ئەوە دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان سەدجار سووکایەتیە بە پارلەمان و حکومەت بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەری ڕۆژنامەنووس دەستگیر ناکرێت، تەنانەت سەرۆکی حکومەت بریاریدا هیچ ڕۆژنامەنووسێک بەبێ ئاگاداری ئەو نابێت دەستگیر بکرێت، (دیارە ئەو بریارە تەنها لە سلێمانی دەخوات)، ئەوە سەرەڕای ئەوەی دادوەر بریاریداوە ئازادبکرێن لەپەرئەوەی هیچ شتێکیان لەسەر ساغ نەبۆتەوە، بەڵام دەسەڵاتی حیزبی ئەو دەڤەرە ئازادیان ناکات، دەستگیرکردنی ئەو ڕۆژنامەنووسانە تەواو ئائومێدمان دەکات لەوەی پارتە دەسەڵاتدارەکانی ئەم هەرێمە نەک هەر ڕووداو و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە کاری لەسەر نەکردوون، بەڵکو توندتر بوونە لە ڕووبەڕووبونەوەی ئازادیخوازان و بەرتەسککردنەوەی بنەماکانی ئازادی سیاسی و دیموکراسی و فرەیی لە کوردستان، بەردەوامبوونی ئەم هێزانە لەسەر ئەو هەڵویست و کردەوانەیان زەروورییەتی بەهاری عەرەبی بۆ هەرێمی کوردستان گرنگترو خێراتر دەکات، ئومێد دەکەم ڕۆشنبیران و بە ئاگایانی ئەو هێزانە سەرکردەکانیان لەو جۆرە مامەڵانە ئاگادار بکەنەوە.
مامەڵەکردنی سەرکردایەتی یەکگرتوو لەگەڵ دۆخەکەدا تا ئاستێک مامەڵەیەکی ژیرانەیە، هەرچەندە هێندەی نەمابوو سەرکردە سیاسیەکانی یەکگرتوو هەلەکە بدۆزێنن و هەڵەیەکی ستراتیژی سیاسی بکەن، ئەویش بە ئامادەیی گفتوگۆکردن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، لەکاتێکدا دەیان ڕۆژنامەنووسیان لە زیندانبوون، بەڵام هەرزوو گەنجەکانی ئەو هێزە سەرکردەکانیان بە ئاگاهێنایەوە لەو هەڵە ستراتیژیەو مەرجی ئازادکردنی ڕۆژنامەنوسەکانیان بەستەوە بە دانیشتن و گفتوگۆ، کە پێموایە ئەوە جوانترین یاری یەکگرتوو بووە لەوەتەی من ئەو هێزە دەناسم، بۆیە هیچ گرنگ نیە گفتوگۆ بکرێت یان نا، با سەرکردەکانی ئەو حیزبە هێندە هەڵپەی گفتوگۆ نەکەن کە هەر لەسەرەتاوە ئەنجامەکەی ڕوونە، لێرەدا ئەوەی زەرەرمەندی مەعنەوی بووە پارتی دیموکراتی کوردستانەو سودمەندی سەرەکی ڕووداوەکەش یەکگرتووە، نە پێویستی بە گفتوگۆیە نە سوڵح و ئاشتەوایی.


Mrkurd76@yahoo.com